# بۆ پێشەوە بەرەو مانگرتنێکی سەرکەوتوانە لە کوردستان

لەم رۆژانەدا هەواڵی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستانی ئێران کە لە شاری مەهابادەوە و دوای کوژرانی لاوێکی ئەم شارە بە دەستی بەکریگیراوانی رژیم و شیواندنی تەرمی ناوبراو دەستی پیکرد، بەرەبەرە شارەکانی تری کوردستانیش بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد بوونە مەیدانی خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە دژی کردەوە جینایەتکارانەکانی رژیم و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی یان لە دژی ئەم خەڵکە مەحکوم کرد.

ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتی یە هێمنانەیە ئەوەندە رەوتێکی خێرای بە خۆیەوە گرت کە رژیم ناچار بوو لە ترسی بڵێسە سەندنی و بۆ دامرکاندنەوەی و بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکیش بوویێ، جینایەتی زیاتر بخولقێنێ و لە شارەکانی شنۆ، سەردەشت، سەقز و سنە وەڵامی خۆپیشاندانی هێمنانەی جەماوەریان بە چەك دایەوە و چەند کەسیشیان لەم شارانە خەڵتانی خوێن کرد. بەڵام جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان کە بە ئەزمونەکانی تا ئێستای خۆیان بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو رژیمە بێجگە لە سەرکوت و ئیعدام و خەفەقان هیچ شتێکی دیکەی بۆ ئەم خەڵکە بە دیاری نەهێناوە، نەتەنیا لە هەڕەشە و گوڕەشەکانی رژیم سڵ ناکەن، بەڵکو بە وورەیەکی خەباتکارانە و ئازادیخوازانەی زیاترەوە بەرەو رووی کێشەکان دەبنەوە.

ئێستا کە خەڵکی کوردستان بۆ وەدیهێنانی خواستە بەرهەقەکانی خۆیان لە دژی کوشت و کوشتاری خەڵکی کوردستان و لە دژی میلیتاریزە کردنی کوردستان بە شێوەیەکی هێمنانە و ژیرانە لە رێپێوانی خۆیاندا ، هەنگاوی بۆ هەڵدێننەوە و رژیمیش بە کوشت و کوشتار و خەفەقانی زیاتر وەڵامیان دەداتەوە، پێویستییەکی مانگرتنێکی سەرکەوتوانە لە کوردستان ئەرکێکی هەنوکەیی یە.

ئەزموونی ٢٦ساڵی رابردوو ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان روون کردۆتەوە کە تەنیا بە خەبات و موقاومەتێکی یەکگرتوانە دەتوانن پێش بە زەبر و زەنگی رژیم بگرن. دیارە کە بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەم حەرەکەتەش لە نیشان دانی ریزی یەکپارچە و یەکگرتووی جەماوەر دایە. ئەگەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێکەوە و هاودەنگ بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەو داخوازانەی کە لە خۆپیشاندانەکانی خۆیان دا رایانگەیاندوون، هەنگاو بنێن، یانی ئەوەی کە هەنگاوێك لە کۆتایی هێنان بە ژێر دەستەیی خۆیان نزیك بوونەوە و ئەوەش یانی ئەوە کە ئەو جۆرە کە خۆیان دەیانهەوێ بژین، نەك ئەو جۆرەی کە بۆیان دیاری کراوە و بەسەریان دا سەپاوە. ئەگەر ئەو دروشمانەی کە لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی کوردستان دا بەرز کراونەتەوە بە سەرکەوتن بگەن، بیرەوەریەکانی ئەم رۆژانە و ریزی یەکگرتووی جەماوەری خەڵکی کوردستان

هیچکات له بیر ناکرێن و وەك ئەزمونێکی به نرخ بۆ داهاتوو و بۆ خەباتێکی تر و یەکجارەکی له دژی رژێم کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

هەر بۆیه جەماوەری خەڵکی کوردستان لەم هەل و مەرجەدا دەبێ به باشی ئەوەبزانن که مانگرتن چەکی کارامەی خەباتەکەیانه و زامنی راستەقینەی خەباتی سەرکەوتوانەشیانه. هەر بۆیەشه که دەبێ ئەم مانگرتنه گشتی یه بکەنه ئامڕازێك بۆ وەدیهێنانی داخوازیەکانیان و بۆ به چۆك داهێنانی رژێم.

جەماوەری خەڵکی کوردستان که له خۆپیشاندانەکانی خۆیاندا داخوازیەکانیان راگەیاندوه و به شکڵ و شێوازێکی دروستیش دەنگی ناڕەزایەتییان بەرز کردۆتەوه، دەبێ به تاکتیکێکی گونجاو و پێویست که ئەویش مانگرتنێکی گشتییه و وەکو رەمزی یەکگرتووییەکی بەهێز که وەك سەرمایەی پێشڕەویەکانی داهاتوش دێتە ژمار ، به سەرەنجام بگەیەنن.

مانگرتنی گشتی خەڵکی کوردستان له رۆژی یەك شەممه١٦ی گەلاوێژدا دەبێ بۆ وەدیهێنانی عەمەلی ئەم داخوازانەی خوارەوه بێ و لەو هەل و مەرجەدا دەبێ هەر ئەوانیش به ئامانجی خۆی دابنێ.

١) ناساندن و سزادانی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی جینایەتی شاری مەهاباد و شارەکانی تری کوردستان.

٢) ئازادی بێ قەید و شەرت و به خێرایی هەموو گیراوەکان.

٣) کۆتایی هێنان به باری نائاسایی شارەکانی کوردستان و گەڕانەوەی هێزەکانی رژێم بۆ شوێنەکانی خۆیان.

٤) بەڕەسمی ناسینی ماف هاوڵاتیان بۆ خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایەتی به مەبەستی به ئاکام گەیاندنی ماف و داخوازیەکانیان.

کەوابوو خەڵکی وشیاری کوردستان دەبێ به باشی لەوه ئاگادار بن که تەنیا و تەنیا به مانگرتنێکی سەراسەری بۆ چەسپاندنی داواکاریەکانیان هەوڵ بدەن و نابێ به هیچ شێوەیەك بیانوو بدەن به دەست رژێمەوه که خەباتی عادڵانه و بەرهەقی ئەوان داپڵۆسێتەوه. هەر بۆیه هەڵبژاردنی شێوەی وا که جەماوەری خەڵکی کوردستان له وەدیهێنانی شیعارەکانیان دور کاتەوه کارێکی نادروسته.

کەسانی وشیار و شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز له وەها هەل و مەرجێکدا دەبێ ببنه مورەغەی پشتی ئەم حەرەکەته و دەبێ خاوەنی قسەی رەوا بن و پێش بەوه بگرن که ئەم وەزعه ببێته کارەساتێکی جەرگ بڕ و هەوسار پچڕاو که دیاره ئاسەوارەکەشی هەتا ساڵانی دور و درێژ هەر دەمێنێتەوه.

ئەم مانگرتنە گشتی یە ئەگەر نەیتوانی ئەم داخوازیانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا دەست بە جیٚ وەدی بهێنیٚ، بەڵام خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە چونکە یەکێتی و یەکپارچە بوونی ریزی خەباتی خەڵکی تێکۆشەری هەموو شارەکانی کوردستان لە بەرامبەر رژیمی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدا و دەبێتە سەرمایەیەك بۆ پێشڕەوی گەورەتر.

**یوسف عەلی پور**

**١٣٨٤/٥/١٤**